سەید حەکیم: عێراق لەڕووی سیاسی و ئابووری بەرەو پێش دەچێت و چاکسازییش شوێنگرەوەی نییە

لەدیوانی بەغدا بە بژاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی قسەو باسی ئامادەبووانی بەرز نرخاند و پیرۆزبایی لەدایك بوونی ئیمامی عەلی (سلاوی لێ بێت) و هاتنی ساڵی میلادی تازە و بیرهێنانەوەی سەرکردەکانی سەرکەوتن و یادەوەرییە بەندارەکانی .

بەڕێز حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە عێراق دۆخێکی ڕوونی چاکبوونەوە بەخۆوە دەبینێت کە ئەمەش لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی ئەرکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بەرجەستە بووە، هەروەها سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەڕووی ڕێوشوێن و شەفافییەت و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی، لەپاڵ بەشدارییەکی بەرفراوان پەیامێك بوو کە سەرکەوتنی پرۆسەکەی دەرخست..

سەید حەکیم ئاماژەی بەوەشکرد کە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و دوو جێگرەکەی بەپێی بنەمای لێکتێگەیشتن و ڕاوێژی پێشوەخت بووە و هەروەها جەختی لەسەر بوونی ئیرادەیەکی سیاسی کردەوە بۆ کورتکردنەوەی ماوەی دەستووری بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان.

سەماحەتی ئاماژەی بەوەدا کە چوارچێوەی هەماهەنگی داوای لەکاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران کردووە کە ئەولەویات و بەرنامەکانیان پێشکەش بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان لەگەڵ تیمەکانیاندا، ئەمەش بووە هۆی داڕشتنی دیدێکی فراوان کە لەسەر بنەمای دیاری کردنی نۆ کاندید کە ئەوەش پێگەیشتنی سیاسەتی عێراقی بەرجەستە دەکات.

سەماحەتی جەخت لەوە کردەوە کە ئەم بۆچوونە تێگەیشتنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدەست هێناوە، ڕوونیشیکردەوە کە ڕکابەری داهاتوو لە لایەنی ئابووریدایە بەتایبەتی لە دابەزینی نرخی نەوتدا، بەلام قەیرانەکە بە کورتخایەن دادەنرێت و دەرفەتێکی ڕاستەقینەشە بۆ چاکسازی ئابووری ، سەرەڕای ئاستەنگی سەرەتایی، هەروەها جەختی لەسەر گرنگی سنووردارکردنی چەکی بە دەستی دەوڵەت کردەوە لەڕێگەی ڕێبازێکی هاوسەنگ لە عێراقەوە کە بارودۆخی ڕابردوو لەبەرچاو بگرێت و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەڵبژێردراو خاوەن تەواوی دەسەڵات و لە چوارچێوەی گەرەنتی نێودەوڵەتی و بەشداری سیاسی بێت...
بەڕێز حەکیم داوای لە نوخبەکان کرد چارەسەری واقیعیانە و داهێنەرانە بۆ بەرەنگاربوونەوەکان پێشکەش بکەن و جەختی لەوە کردەوە کە چاکسازی بژاردەیەکی بێ جێگرەوەیە و تیشکی خستە سەر گرنگی پەسەندکردنی یاسای ستراتیژی کە پێویستی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەیە و هاندانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لەنێوان کوتلە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو.

لەکۆتاییدا سەماحەتی داوای کرد بەهرەمەندە عێراقییەکان لەڕێگەی لیژنەی تایبەت دۆخیان باش بکرێت و پاڵپشتی پرۆژەی گەورە و بچووك و کەرتی تایبەت بکرێت لەبری دامەزراندنی بەرفراوان، هەروەها داوای کرد بایەخ بە خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێت و جەختی کردەوە لەسەر گرنگی دەستوور بەو پێیەی شتێکی دەبێت وەك مەرجەعێك بۆی بگەڕێینەوە و دووپاتی کردەوەش کە عێراق هەوڵ دەدات رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت بۆ پاڵپشتی کردنی سەقامگیری ناوچەکە.